

واز لـــێ دێنین، کاتمان نیـــە خۆمان بە کۆمیدیاکەوە خەریـــك بکەین کە نـــاوی "کۆمیدیای ئەرشـــیفی موحســـینە" پڕۆژەی دواتر (یادەوەری جەستە)(٤٧) بوو، شـــتێك نەبوو ناوی دەق بێـــت، بەڵکو بیرۆکەی ســـەرەکی بریتی بوو لەســـەر نمایشـــێك پەیوەندی بـــە ئەنفالەوە هەبێت، بیرۆکە کـــە هەروەك بیرۆکەی نوســـینی ووتارێك بوو، پەیوەندی بە تێگەیشتنێکی فکری هەبوو بۆ ڕووداوەکە، لەگەڵ کۆمەڵێك ئەکتەر دەستمان بە مەشق کرد، ســـەرەنجام ڕۆژانی مەشق هێڵێکی بۆ کارەکە دەســـت نیشـــان کرد، زەردەشت و مەســـیح بوون بە دوو کارەکتەری ڕۆژانی مەشق لە بیابانێکی لماویدا، شانۆگەریەکە زیاتر وەك کارێکی سوریالی خۆی دەرخست، چ لەڕووی سینۆگرافیاوە بوونی ئاودەســـت لە بیابان یان لـــە ڕووی بونیادی دەلالی جولـــەی کارەکتەر بوونی ئافرەتێکی کوێر لە بیابان خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیە، ئەوە جگە لە متمانە کردن لەسەر ئەنتروپۆلۆژیای شانۆ بەتایبەت لەســـەر چەمکی سرووت، ســـرووتی زەردەشتیەت و گواستنەوەی بۆ ســـرووتێکی شانۆیی، ئەگەر چی هۆشـــیاری ڕەخنەیی لە بڕی قسەکردن لەسەر ئەو تێگەیشـــتنە ئەزمونکاریە، دیســـان کەسانی وەکو موحسین لەسەر کۆمیدیاکەی خۆیان بەردەوام بوونە، ئەوەتە ئەمجارەیان ئەو توشی سەرسامی ئەوە هاتووە کە ئەوان وەك بینەران بۆ برداونەتە بەشی سەرەوەی هۆڵەکە و کورسیەکانی خوارەوە بە بەتاڵی ماوەتەوە، ئەمجـــۆرە ڕەخنەیە لە بنەڕەتدا خـــۆ دزینەوەیە لە خوێندنەوەی جولەی ئەکتەر و داڕشتنەوەی پانتایی.

درك نەکـــردن بـــە زەمەنی فەلسەفی نمایش، کە دیارە بردنی بینەران بۆ ســـەرەوەی هۆڵەکـــە کارێکی بێ مەبەســـت نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بـــوو بینەر تەواوی شانۆکە ببینێت بەو مانایەی ئەو دانەبڕێت لە بۆشایی و جولە و موفرەدە، ئەوە ســـەرەڕای ئەوەی کە ســـەر شـــانۆکە بەهۆی ئـــەوەی بە لم داپۆشـــراو بوو، لەو ڕێگەیەوە بینەران لە ئیســـتاتیکای نمایشەکە بێبەش نەدەبوون، ئەگەر ســـەلەفی بڕوای بەوە بێت ئەو کارە دژی بانتۆمایمە بەوەی دەبێت لە بانتۆمایمدا بینەران لە ئەکتەرەکان نزیك بن، بەپێی کام میتۆد و کام خاسیەت و چ تیۆرێك پاڵپشتی ئەو قسەیەی دەکات نازانرێت، ئەگەر چی ئێمە ڕامـــان گەیاندووە کە ئەو ئەزمونە ســـەر بە بانتۆمایمی باو نیە، هۆکاری تێنەگەیشتن لە جولە، ســـەلەفی دەگەیەنێتە ئەو بۆچونەی داوای ئەوە بکات کە ئەو نمایشـــە مـــاوە زەمەنیەکەی زۆر بووە، دەبێت ماوەی ئـــەو کارانە کورت بێت، هەڵبەت ئەوەش بۆ ئـــەوەی بتوانی دوایـــی دیمەنە کورتەکە بگێڕێتەوە، من پێویســـتی زۆرم بەوەیە بزانم کەسانی وەك موحسین چۆن سەیری ئەو جۆرە ئەزمونە دەکەن، بـــۆ ئەوەش لە تەواوی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەوڵمداوە لە مەبەستی قسەکانیان بە تەواوی حاڵی بم، یەکێك لە تێگەیشتنە بەراییەکانی سەلەفی بۆ بانتۆمایم لەوێوە ئاشکرا دەبێت، کە ئەو پێی وایە لەم شانۆیەدا پێویستە دیمەنـــەکان بەدوای یەکدا بێن و پەیوەندیەکی پتەویان



به یەکەوە هەبێت، کاتێ ئەو ئاوا سەیری بانتۆمایم بکات، دەبێت بزانین چ کەلێنێکی گەورە لەنێوان دیدگای ئەزمونکاری ئێمە بۆ جەستە و تێگەیشتنی تۆز لێ نیشتوی موحسیین بۆ بانتۆمایم هەیە، چونکە ئێمە دوای شانۆگەریەکە لە ڕاپۆرتێکی سەتەلایتی کوردستان لەوەڵامی پرسیارێکی هاوڕێی شانۆکار (کرمانج مستەفا) ووتم" لەم شانۆیەدا دیمەنەکان بەدوای یەکدا نەهاتوون، بەڵکو بەیەکەوە بەستنەوەی دیمەنەکان پڕۆسەی مۆنتاژ کردنی وێنەی شانۆیی لە لای من نیە، بەڵکو ئەوە وەرگرە لەلای خۆی وەك ئەوەی دەیەوێت دیمەنەکان مۆنتاژ دەکاتەوە" ئەگەر چی کرمانج بە جیاواز لە موحسین پێی وابوو دیمەنەکان لەیەك دانەبڕا بوون، هەر جۆرە قسەکردنێك بەر لەدرك کردن بە زەمەنی نمایش تراژیدیایەکی خەتەرناك تووشی ئەو مەخلوقە دەکات کەناو لەخۆی دەنێ ڕەخنەگر، چونکە ئێمە هەوڵمان دابوو زەمەنی ئەفسانەیی زەردەشتیەت لەڕێگەی سرووتی ئاگر کردنەوە و حەزرەتی زەردەشت لەلایەك لەتەك زەمەنی یادەوەریی ئێمە پڕۆسەی ئەنفال ئاوێتەی زەمەنی تێگەیشتنی ئێستای کوردی بکەین بۆ ڕووداوەکە، بە مانایەکیتر دەمانویست بڵێین لەگەڵ داماڵینی کارەکتەری کوردی لە ئاینی خۆی و سەپاندنی ئاین و کولتورێکی تر بەسەریدا، ئیدی ئەنفال تا ئەو ساتە بە فۆڕم و ئایدیای جیاواز بەسەریدا دەسەپێنرێت، جا چ ئەنفالی کولتوری بێت یا شێواندنی سیماکانی نەتەوە لەڕێگەی ئایدیاکانی لە جۆری بەعسیزم لەپەیوەندی نێوان فاشیزم و تازەگەری، کەچی سەلەفی بۆ ئەوەی لە بەهای ئەو زەمەنە کەم بکاتەوە و خۆشی لە تێنەگەیشتن دەرباز بکات ئاوا دەنووسێت "جل و بەرگی ئەکتەرەکان ئاماژەی ئەوەی دەدا، کە بابەتەکە کوردیە" (٤٨) دوای بینینی شانۆگەریەکی چل و پێنج خولەکی موحسین ئەوە بۆ بینەر ئاشکرا دەکات کە بابەتەکە کوردی بووە، لەوە دەچێت ڕەخنەگرە ئەرشیفیەکەمان دواین کەس بێت کە بتوانێ لەم نمایشە نزیك بکەوێتەوە، بۆیە هەق وایە بە مافی خۆی نەزانێ ئاوا جەهل و نەزانینی خۆی لەسەر وێنەی شانۆیی دەرببڕێت، دواین داهێنانی سەلەفیش ئەوەیە کە ئەوە شانۆیەکە بۆ نوخبەیە، وەك ئەوەی گەر شانۆیەك بۆ نوخبە بوو شانۆ نەبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ نوخبەیە، بەڵام هەرگیز موحسین ئەندامی ئەو نوخبەیە نیە. قۆناغی یەکەمی ئەو ئەزمونە کۆتایی دێت ئەو قۆناغەمان ناونا (خەونی سرووت ئامێز) قۆناغی دووەمی ئەو ئەزمونە لە کەرکوك دەستی پێکرد، لەگەڵ دامەزراندنی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك) نۆبەرەی ئەو ئەزمونە شانۆگەری (لە چاوەڕوانی گۆدۆ) ی سامۆئیل بیکیت بوو، گۆڕینی فەزای دەقێك کە چاوەڕوانی و بێهودەیی لەڕێگەی ووتراوی نێو زمانەوەیە و گۆڕینی بۆ جولە، یەکێك بوو لە گرفتەکانی کارکردن، بەوەی چۆن نمایشێکی جەستەیی لەسەر ووتراو بەرهەم ناهێنین، بە پێی گریمانەی نوسەر هێندەی دەمانەوێت لە سێنتەری دەقەوە پڕۆسەی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام بدەین، لە بونیادە هەڵوەشێنراوەکانەوە دەق بنووسینەوە، نوسینەوەی دەق چیە؟ ئێمە سەرەتا نەمانتوانی وەڵام بەو پرسیارە بدەینەوە، بۆیە هەوڵماندا لە بیرۆکەی چاوەڕوانی و هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەق سیناریۆیەکی شانۆیی بەرهەم بێنین، ناوی بنێین (سەمفۆنیای چاوەڕوانی گۆدۆ) تیایدا دوو کارەکتەر یەکەمیان فلادیمێر کە کەمانجە ژەنە و ئیستراگۆن سەربازێکە لە جەنگ گەڕاوەتەوە، بە دوای کۆمەڵە تێکشکانێکی ڕۆحی لەڕێگایەکدا چاوەڕوانی گۆدۆن، بەدوای نەهاتنی گۆدۆ و نائومێد بوونیان بە ژەنینی ئاوازی کەمانجە ژەنەکەوە دەمرێت کە کەمانجە ژەنینەکە ناو دەنرێت سەمفۆنیای چاوەڕوانی گۆدۆ. بەدوای بڕیاردان لە نمایشەکە لەسەر تەختەی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوك دەستمان بە یەکەم ڕۆژانی مەشق کرد بەپێی سیناریۆکە نیهاد جامی ڕۆڵی ئیستراگۆن و کۆسرەت عەبدولرەحمان لە رۆڵی فلادیمێر، دوای چەند ڕۆژێك تەواوی هێلێکمان دۆزیەوە کە بتوانین ئیزافە لەسەر پڕۆڤەکان بکەین، لەئەنجامی گفتوگۆکانمان لەسەر بەرهەمەکە، توانیمان مەشقەکان بگوازینەوە بۆ سەر پەیژەکانی قشلەی کەرکوك، پانتایەکی کراوە بواری فراوان کردنی بیرۆکەکەی گۆڕی بەوەی دەکرێ زەمەنی جیاواز بێنینە ناو نمایشەکەوە لە دەرەوەی زەمەنی دەقەوە، بۆچی ناکرێ کۆمەڵە ئەکتەرێك پڕۆڤە لەم دەقە بکەن، ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی پەیژەکان و ئەکتەری تر، بۆیە بڕیارماندا کۆمەڵە ئەکتەرێك بێنین سەرەتا ئەوان پڕۆڤە لە دەقی بیکت بکەن، ئەوسا زەمەنی ئەکتەرەکان و زەمەنی دەق وەك دوو زەمەنی جیاواز لە نێوان یادەوەریی و هەنوکە ببێت بە گوتاری نمایشەکە، ناوی کارەکەشمان لە سەمفۆنیای چاوەڕوانی گۆدۆ گۆڕی بۆ (پڕۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) (٤٩) لەو ڕێگەیەوەش بەرەو وەڵامی ئەو پرسیارە چووین کە ئایا دەقی شانۆیی لەم جۆرە نمایشانە چۆن دەنووسرێنەوە، ئێمە لە بەرەنجامی ئەم نمایشە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە دەق لەسەر کاغەز و بە قەلەم نانوسرێت، دەقی شانۆیی بە جەستەی ئەکتەر و لە بۆشایدا دەنوسرێتەوە، دوای نمایشەکە کۆڕێکی هەڵسەنگاندن بۆ (هونەرمەند عەبدولڕەزاق محەمەد) سازکرا تیایدا بە زمانی عەرەبی تیشکی خستە سەر لایەنەکانی نمایشەکە، پێی وابوو کە

پێویست بوو ئەکتەرەکان ماوەیەکی تر مەشقیان بکردایە، هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی دەرهێنەر کرد بۆ جورئەتی ئەو شێوازە و ووتی "ئەگەر چی ئەو شێوەیە تازە نییە لە شانۆدا، بەڵام هەنگاوێکی ڕاستە بۆ شانۆ" دواتر هونەرمەند عارف مەعروف لەسەر چەند خاڵێك وەستا و وتی "ئەم شانۆگەریە پێی وتین بیانوو نەما گەر هونەرمەند هەبێت دەکرێ لەهەر شوێنێك شانۆگەری پێشکەش بکەن، نەك تەنیا لەناو هـــۆڵ و داوای ڕوناکی بکەن، بینیمان ئـــەو هونەرمەندانە چۆن ئەو پەیژە خۆڵاویەیـــان بۆ کردین بە شـــانۆ" بەدوای ئەویش (عەباس جەمیل) ڕەخنەی ئاراستەی شانۆگەریەکە کرد، کە دەبوو کەمان بە شێوەی مۆسیقی ژەنێك بەدەســـتەوە بگیرا بوایە، هونەرمەند (کاردۆ محەمەد) بە دژی ئەو وتەیە وەستایەوە و شانۆگەریەکەی ناوبرد بە شانۆی ناماقوڵ و ئەو شانۆیەش لەسەر ڕەمز دەوەستێت نەك واقیع بێت، ئاماژەی بۆ شوێن لە شانۆگەریەکەش کرد بەوەی دەکرا دەلالەتی جیاواز بگرێتە خۆی" (٥٠)

ئەزمونـــی دواتر شـــانۆگەری (خـــاچ) (٥١) بـــوو، ئەم شـــانۆگەریە بەرەو ئەو ووتەیەی یۆژینۆ باربا بردمانی: کە ئایا مەشـــقی شانۆیی توانای ئەوەی هەیە نمایشێك بەرهەم بێنێت؟ لەڕێگەی مەشـــقەکانەوە شانۆگەریەکەمان بنیاتنا، ئەم نمایشە وەك پڕۆژەیەکی ئەزمونـــکاری کاری تیا کرا، بەوەی لەڕووی شوێنەوە متمانەی کردبووە سەر شانۆی ژوور، بەڵام بەدژی ئەو ووتەیەش کاری کردبوو کە تایرۆفی دامەزرێنەری ئەوشـــانۆیە دەڵێت" ووشە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە شانۆی ژووردا" چونکە هەموو متمانەیەك بۆ جەســـتە بوو لە پاڵ ڕوناکی و مۆسیقا، سەرەتا بینەران بە مۆمێکەوە دێنە ژوورەوە، سرووتێکی شانۆیی بەشـــداریکردن و دانانی مۆمەکان بەرجەستە دەکەن لەڕێگەی ئەکتـــەرەکان جیـــا دەکاتەوە، ســـێ ئەکتەر لـــەو پانتاییەدا لە ململانێدان. سەرەنجام ئەکتەرێك دوای لەخاچ دانی ئەوانی تر لە تۆڕەکە دێتە دەرەوە و لەڕێگەی مۆمێکەوە ئاگر لە تۆڕەکە بەر دەدات و تۆڕەکە دەکەوێتە ســـەر بینەران، بەم شێوەیە هەموویان لەژێـــر تۆڕەکە دەمێننەوە و ئەکتەرەکـــەش دوای ئەوەی خۆی دەرباز دەکات دەچێتە دەرەوە و دەرگاکەیان بەســـەردا دا دەخات، لە دیواری ژوورەکە جارێکی تر دێتەوە، بە دوای شـــەق کردنی دیوارەکـــە، بەڵام دوای چەند جولەیەك بـــە یەکجاری بەدوای لە خاچ دانی ئەوانیتر خۆشـــی دەمرێـــت. لەگەڵ تەواوبوونی شانۆگەریەکە کۆڕێکی هەڵسەنگاندن سازکرا تیایدا هەریەك لە هونەرمەندان (کۆســـرەت عەبدولرەحمان، عەبدولرەزاق محەمەد، عارف مەعروف، رائید حازم، کاردۆ محەمەد، قاسم غەمگین)



لەسەر لایەنەکانی نمایشەکە وەستان بە تایبەت لەسەر پەیوەندی جولە بە بۆشـــایەوە هەروەها لەسەر چەمکی ئەزمونگەری لەم نمایشەدا، ئەوا لەپاڵ هاوڕا بوونی هەمموو لایەك لەسەر ئەوەی کە نمایشەکە یەکێکە لەکارە جوانەکان. ئەوە سەرەڕای خوێندنەوەی جیاوازی ئامادە بوان بۆ بەرهەمەکە. نوسەرێك دوای ئەوەی ئەم نمایشـــە بە یەکەم ئەزمونی جدی شانۆ لە کەرکوك ناو دەبات، نوســـیویەتی "ئەگەر چی خاچ ئەزمونـــە، بەڵام ئەزموونێکی جوان و نوێ کە دەکـــرێ چاوەڕوانی داهێنانی لێبکرێت، بەڵام بەو مانایەش نا کە کەم و کوڕی نییە" (٥٢)

ئەزمونی دواتر دوو پرۆژە بوو بۆ شانۆی توند و تیژی یەکەمیان بەناوی )سەگ و دەف( (٥٣) کە پرۆژەی یەکەم بوو بۆ شانۆی

توندو تیژی ڕووبەرێکی تەختایی بەپێی بیناســازیی شوێنەکە کارەکە ئەنجام درا، دوو ژوور بەتەنیشك یەکەوە یەکێکیان ماڵی ژنە تۆبەکارێك ئەویتریش ستۆدیۆی دەرهێنەرێکی سینەمایی، ئەم نمایشە لەناو تێگەیشتنی پێرفۆرمانسی ئەنجامدرا بەهۆی ئەوەی کارەکتەر بەشــداری دەکات لــە پەیوەندیەکانی ئەویتر، بیرۆکــەی لەناو هەر کارەکتەرێك ســەگێك ئامادەبوونی هەبوو پەیوەنــدی نێــوان ســەگ و دەف ژنەکانی کــرد بە تەوەری ململانێیەکــە، چەمکی ســرووت لــەم نمایشــەدا بایەخێکی تایبەتی پێدرا بوو، کە بونیادێکی ســەرەکی شانۆگەریەکە بوو، ئەگەرچی وەك فریاد ئەحمەد دەڵێت " ئێمە وەکو تیپی شانۆی ئەزمونگەری لەم کارە و لەسەرجەم کارەکانماندا ئەوەندەی پێمان وایە شانۆ هەڵگری گوتارێکی ئیستاتیکیە..پێمان وانییە شانۆ هەڵگری گوتارێکی سیاســی یــان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان هەرشــتێکی ترە، ئەگەر هــەر گوتارێك لەمانە هاتە ناوەوە دەکرێت، بەڵام بەمەرجێك هیچ لە بەهای گوتارە ئیستاتیکیەکە کەم نەکاتەوە و گرنگیەکی ئەوتۆشی پێنەدرێت" (٥٤)

پرۆژەی دووەم بۆ شــانۆی توندو تیژی شانۆگەری (زولێخا لەخەونی یوســفدا) (٥٥) ئەم ئەزمونە لەناو قەیسەری قەڵای کەرکوك ئەنجــام درا، خوێندنەوەیەکی نــوێ و جیاواز بوو بۆ چیرۆکە ئاینیەکە بەهۆی ئەوەی کارەکتەر لەهەموو خەسڵەتێکی مێژوویی داماڵدراوە ڕووبەرێکی کراوە لەگەڵ مەشــخەڵی ئاگر و شمشــێر و چرایەك بونیادە ســەرەکیەکانی ناو وێنە شانۆیەکە بوون، جەستە لەرێگەی دارشتنەوەی شوێن دەلالەتی دەبەخشی جگــە لەوە پەیوەندی نێوان ئەکتــەر و بینەر بە ئاقارێکی نوێدا بردرا بەهۆی ئەوەی بینەر لەو هاوکێشەیەدا بونیادێکی سەرەکی ناو وێنە بوو لەڕێگەی جولە کردن و کاردانەوەی سزای ئەکتەر وەك لە ئاگر تێپەربوونی یەك لە ئەکتەرەکان بینەران پەنایان بردە بەر کوژانەوەی.

ســەرەتا سیناریۆیەکی نووســراو هەبوو، سیناریۆکە تەنها بۆ کۆبونەوەمان بــوو لەناو پرۆژەکە چونکە ســیناریۆکە لەگەڵ چوونە قەیسەری قەڵا ملکەچی شوێن بوو، ڕێك بەپێچەوانەی ئەو هاوکێشــەیەی کە هەموو شتێك دەبێت ملکەچی دەق بێت، کاتێ دەق لە شوێندا دەسەڵاتی کۆتایی هات دەسەڵاتی جەستە و بۆشایی ئامادە بوونیان دەبێت، ئەوانیش بەدوای بەرهەم هێنانی نادیار و ڕووبەرە کەشــف نەکراوەکانــن، ئەم ئەزمونە قەڵای لە شــوێنەوارێکەوە گۆری بۆ لابۆرێکی شــانۆیی چ لە ئاستی تیۆری بۆ ئێمە یا ئاستە پراکتیکیەکەی کە کارکردنی هاوبەش بوو ســەرەنجام ئەزمونێکی جیاوازی بنیاتنا، ئەزمونێك فێری کردین کە شانۆ بەتەواوی لە هۆڵ بێنینە دەرەوە، شوێن بۆ ئێمە وەك لە بەرهەمەکانی تری تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك هەمیشە بریتیە لەو شوێنەی کە کاری تیا دەکەین بەواتای هەول نادەین دلالەتی شانۆیی بە شوێن ببەخشین، بەڵکو شوێنەکە وەك خۆی بەکار دێنین، بە هیچ چەشنێك دەسکاری شوێن ناکەین، ئێمە لــەو ئەزمونە تەنیا دیکۆرمان بەلاوە نەنا، بەڵکو ســوور بووین لەســەر ڕەتکردنەوەی مۆسیقا و روناکی و جلو بەرگ، ئــەوەش هاریکاری ئەوەی کردین کــە بتوانین ڕێگایەك خۆش بکەین بۆ ئەزمونی شــانۆی هەژار، ڕێگایەك بەرەو ئەزمونی (هاملێت) بمانهێنێت، بەوەی ئەزمونی داهاتوومان دوا ئەزمونی ئەو قۆناغە دەبێت لەسەر ئەزمونی گرۆتۆفسکی کار دەکەین.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١-التجريبيه و تقاليد الكتابه المسرحيه/ جوليا سيزار بيروني/ ترجمه: د. سميه مظلوم/ موقع الكاتب العراقى

٢-بصريات الجســد فــي فضاو الطقس المســرحى/ فاضل سوداني، المهاجر، العدد ٥، السنه الاولى ٢٠٠٥

٣-النص البصرى و تداعيات الذاكره المطلقه لجســد الممثل فى مسرح مابعد الحداثه/ د.فاضل سوداني/ العدد ١٣ تشرين الثاني ٢٠٠٤

٤-مەبەست لە شانۆی وێنەیی بە تەنیا ئەزمونی شانۆکارانی عەرەبی نیە، بەڵکو مەبەست لە ئەزمونی شانۆی وێنەیی، ئەو ئەزمونە شــانۆییە خۆر ئاواییە، بەر لەهەمویان شانۆی وێنەیی دانیمارکی، ئەگەر چی ئەو شانۆیە بە بەرهەمی شانۆی پاش تازەگەری دەر کەوتبێت، بەڵام بەهۆی گۆڕین و خاســیەت و فــراوان کردنی تایبەتمەندیەکانی بــووە بە ئەزمونێکی جیاواز، ئــەوەی شــانۆکارانی عەرەب پێی هەڵدەســتن خاڵــی نیە لە کاریگەری ئەو ئەزمونە خۆر ئاواییە.

٥- دەکرێ بەر لە پرۆڤەکردن سەر لەنوێ ئەو مەشقانە ئەنجام بدرێنەوە، بەپێی ئەو قۆناغە جیاوازانەی کە کەســێتی مرۆیی لە ئاســتە جیاوازەکان ئەنجامی دەدات، بۆ زیاتر تێگەیشــتن و شارەزابوون لەجۆری ڕەفتارەکان و ناسینی ئاماژەکانی جەستە، بڕوانە کتێبی: لغه الجسم/ محمد عبدالرحمن ابازيد، دار الخليج (عمان) ٢٠٠٤

٦- فن المايم و البانتومايم/ توماس ليبهارت، ترجمه (بيومى قنديل) الهيئه المصريه العامه للكتاب/ ١٩٩٥/ ص ٤٣

٧- هەمان سەرچاوە/ ص١١٢

٨- المسرح الاسود التشيكوسلوفاكى/ سليم الجزائرى، الاقلام، العدد (١) خاص بالمسرح العالمى، تشرين الاول ١٩٧٩

٩- غروتوفسكى و اشــكاليه صهر المسرحى باللا مسرحى/ عدنان مبارك، موقع مسرحيون

١٠- پیتەر بروك لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا/ دانا رەئوف/ دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم (سلێمانی) ٢٠٠٣ لا ١١٩

١١- هەمان سەرچاوە، لا ٤٨

١٢- ســەبارەت بە تێڕوانینی دریدا بە شــانۆی ئارتۆ لــە ووتارێکدا بەناوی (شانۆی توندوتیژیی وسنوری نواندن) دریدا ئەو شانۆیە ناو دەبات بەشانۆیەك لەدژی سێنترالیزمی لۆگۆســی شانۆیەك كە تیایدا ڕەخنەی ئاراستەی سێنتەر كردووە، دواتر هەوڵ دەدات لەنێوان بەیاننامە شانۆیەكانی ئارتۆ و كتێبی ڕاڤەكردنی خەونی فرۆید قسە لە پەیوەندی نێوان چەمكی نەســت و شانۆی توند و تیژی بكات، لەو بارەیەوە بڕوای وایە كە شانۆی توندوتیژی شــانۆی خەونە، بەڵام خەونێكی زەحمەت، بۆیە ئەو شــانۆیە شــانۆیەكی نەســتی نیە، بەڵكو شــانۆی ئاگاییە، چونكە توندو تیژیی ئاگاییە، بۆ ئەوەش پشت دەبەســتێتەوە بە پەرەگرافێكی ئارتۆ كە دەڵێت" توندو تیژیەك نیە بەبێ ئاگایی، بەبێ جۆرێك لە ئاگایی" بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەبارەی تێڕوانینی دریدا بۆ شانۆی ئارتۆ بڕوانە: الكتابه و الاختلاف/ جاك دريدا، ترجمه: كاظم جهاد، دار توبقال للنشــر، الطبعه الاولى، ١٩٨٨، ص٧٥-١٠١

١٣- گراماتۆلۆژیا/ نیهاد جامی، ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی دەنگەكان

١٤- المســرح و الالهه/ انتوان ارتو، ترجمه(ســعيد كريمى) فكر ونقد، العدد/٣٤

١٥- الحساسيه الانتروبولوجيه بين المسرح الغربى و المسرح المغربى/ حسن يوسف، فكر ونقد العدد/١٥

١٦- چەمكی قوربانی جەستە لەو حیكایەتە ئاینیە نزیك دەبێتەوە، كاتێ یەزدان فرمان بە حەزرەتی برایم دەكات پەیمانەكەی خۆی بەجێ بگەیەنێت و ســمایلی كوڕی بكات بەقوربانی و ســەری ببڕێت، نزای فریشتەكانی ئاســمان بۆ خوداوەند دەبێتە هۆی ئەوەی یــەزدان بەرانێك بنێرێت تا برایم ئەوە لەشوێنی كوڕەكەی سەرببڕێت، بەو شێوەیەش سرووتی جەژنی قوربان لەدایك دەبێت، بەراوورد كردنی ئەو ســرووتە بە جەســتەی ئەكتەر دەكرێ تارادەیەكی زۆر هاوكاریمان بكات بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو بابەتە.

١٧- دەروازەكانی كۆمەڵناسی/ مەنوچێهر موحسنی وەرگێرانی (كۆمەڵێك



وەرگێـــڕ) دەزگای چاپ و بڵاوکردنـــەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، لا ٨٣
١٨- هەمان سەرچاوە/ لا ٢٨
١٩- الثقافە هی الجســد/ تاداشی سوزوکی، ترجمە (علی کامل) المدی،العدد (٢١) ١٩٩٨ ص١٢٥
٢٠- بۆ شـــارەزا بوون لە شـــانۆی فێمێنیستی بڕوانە ئەو سەرچاوەیەی خوارەوە: التفســیر والتفکیك والایدیولوجیا/ بیتر بروك، تیری ایجلتون، ســو.الین کیس و الاخرون، اختیار وتقدیم (نهاد صلیحە) الهیئە المصریە العامە للکتاب/٢٠٠٠
٢١- ســیمیاو المســرح و الدراما/ کیر ایلام، ترجمە (رئیف کرم) المرکز الثقافی العربی (بیروت) ١٩٩٢/ ص ٣٤
٢٢- گوتاری ئەزموونگەریی لە ڕەوتی شـــانۆی کوردیدا/ دانا رەووف، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥/ لا ٨٤
٢٣- شانۆگەری (لە ماڵێکدا) لە نوسینی جاك پریڤەر بوو بەرهەمی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد بوو، لەفیستڤاڵی هونەرمەندانی هەولێر لە ١٩٩٥/١٢/٢١ نمایشـــکرا و خەڵاتی باشترین نمایش و دەرهێنان و نواندنی ڤیستڤاڵەکەی بردەوە
٢٤- لەفیستڤاڵە شانۆییە یەکەی هەولێردا/کوردستانی نوێ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە ٣٣
٢٥- ئەم شانۆگەریە بەرهەمی ئەزمونگەی شانۆیی بزاڤی رۆشـــنبیرانی نوێخواز بوو، لەچوارچێوەی فیســـتڤاڵی ڕۆژی شانۆی جیهانی لە هەولێر، رۆژی ١٩٩٧/٣/٣١ نمایش کرا
٢٦- نیهاد جامی بە ڕێگای هـــات و نەهاتدا تێ پەڕی/ ڕێبین رەسول ئیسماعیل، ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٤٨
٢٧- یۆتۆپیای جەستە لەنێو گوتاری زیندە خەوندا/کاسترۆ مەجید، رامان ژمارە(٢٢)
٢٨- هەمان سەرچاوە
٢٩- المســرح الکوردی/صباح هرمز/ دار ادی شیر للنشر/ اربیل، ٢٠٠٣،ص٨٦
٣٠- ئەم نمایشـــە لە ئێوارەی ١٩-٦-١٩٩٩ لە هۆڵی گەل نمایشکرا
٣١- شکانی ئاوێنە لەسەفەرەکانی پەشیمانیدا/ زیاد کەریم، پاشکۆی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٣٢، ١٩٩٩/٦/٣٠
٣٢- سەفەرەکانی پەشیمانی لەنێوان سوریالی بوون و هەوڵی نەزۆکانە/ سمکۆ محەمەد، ڕێگا، پاشکۆی ڕێگای کوردستان، ژمارە (٣٥) ١٩٩٩/٨/١٣
٣٣- ڕووە لەیەکچووەکانی سەفەرەکانی پەشیمانی و بازنەی وەهم/ زیرەك عەبدوڵلا/ میدیا ژمارە (٤٨) ١٩٩٩/٧/١٥
٣٤- هەمان سەرچاوە
٣٥- سەفەرەکانی پەشـــیمانی لەنێوان رەهایی و دەسەڵاتی نمایشدا/ کاسترۆ مەجید، رامان ژمارە (٤٠) لا ٢٧٧
٣٦- شـــانۆگەری عەبا لەنوســـینی فەلاح شاکر و یوسف ئەلســـائیغ، لەئێـــوارەی ٢٠٠٠/٢/٩ لەســـەر شـــانۆی هۆڵی رۆشنبیری (هەولێر) نمایشکرا
٣٧- خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژی بۆ نمایشی عەبا/ ڕێبین رەسول ئیسماعیل، رامان ژمارە (٤٦)
٣٨- عەبـــا. تارمایی کلتور/ دیار عەزیز شـــەریف، کاروان ژمارە(١٤٣) لا١٤٠
٣٩- ڤیستڤاڵێکی شانۆیی و چەند تێڕوانینێکی سەر پێی/ حەیدەر عەبدولرەحمان، برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٦٧)
٤٠- هەمان سەرچاوە
٤١- شانۆی کوردی لەنێوان دوو نەوەدا/ حەیدەر عەبدولرەحمان، رامان ژمارە (٥٨) لا٢٠
٤٢- خوێندنەوەی ئاماژە و بە ڕەمز بوونی خەون/ ســـمکۆ محەمەد کاروان ژمارە (١٤٣) لا ١٣٦
٤٣- ڤیستڤاڵی شانۆی لاوان/ کاسترۆ مەجید، رامان ژمارە (٤٥) لا٢٧١
٤٤- کۆڕەکە لە ١١/٢/ ٢٠٠٠ لە باڵەخانەی بەڕێوبەرایەتی سینەما و شانۆ سازکرا.
٤٥- بانتۆمایـــم و زمانی جەســـتەی ئەکتەر/ موحســـین محەمەد
میدیا/ ژمارە (٦٩) ٢٠٠٠/٧/١
٤٦- پانۆرامای شـــانۆ لە گۆڤاری رامان-دا/ موحســـین محەمەد
رامان ژمارە (٧١) لا ١٥٦
٤٧- ئەم شـــانۆگەریە بەرهەمی (بەڕێوبەرایەتی هونەری شـــانۆ) بوو، لە ئێوارەی ٢٠٠٥/٣/٢٨ لەسەر شانۆ ی هۆڵی رۆشنبیری (هەولێر) نمایشکرا
٤٨- هونەری نوێ، ژمارە (٤) مایسی ٢٠٠٥
٤٩- پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، بەرهەمی (تیپی شـــانۆی ئەزمونگەری کەرکوك) بوو لە ئێوارەی ٣/١٦/ ٢٠٠٦ لەسەر پەیژەکانی قشلەی کەرکوك نمایشکرا.

٥٠- پرۆڤەیەکی شــانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ/ رامیار، هەولێر پۆست، ژمارە (٣١) ١٩ی ئاداری ٢٠٠٦

(٥١) شانۆگەری خاچ بەرهەمی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک بــوو ئێوارەی ٢٠٠٦/٧/٢٤ لــە هۆڵی ئەزمونگەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک نمایش کرا.

(٥٢) کاتێك مرۆڤ لە خاچ دەدرێت/ بەختیار محەمەد ڕۆژنامەی شەپۆل، ژمارە ٣، ئابی ٢٠٠٦

(٥٣) شــانۆگەری (سەگ و دەف) بەرهەمی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک بوو ئێوارەی ٢٠٠٧/٢/٢٢ لەڕێکخراوی هونەرمەندان لە کەرکوک نمایشکرا.

() پرۆژەیەکــی ئەزمونکاری لە شــانۆی پاش تازەگەریدا/ فریاد ئەحمەد، شانۆکار ژمارە (١)

(٥٥) شانۆگەری (زولێخا لەخەونی یوسفدا) بەرهەمی تیپی شــانۆی ئەزمونگەری کەرکوک بوو ئێــوارەی ٢٠٠٧/٣/٢٨ لە قەیسەری قەڵای کەرکوک نمایشکرا

